# حزبایەتی لە کوردستان

# ڕوانینێک بە کتێبی بیرەوەرییەکانی هەڤاڵ کوێستانی دا

ئەنوەر سوڵتانی

**هەڤاڵ کوێستانی؛ *"ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو"* ؛ ناشر ؟؛ سلێمانی ٢٠١٧، ٤٠٧ لاپەڕە**

گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕابردوو لەپێناو پاکانە کردن بۆ خۆ و کێشانەوەی وێنەی ناواقیع لە ڕووداوەکان، ناوەرۆکی نزیک بە هەموو ئەو بیرەوەرییانەی سیاسەتکارانی کوردە کە من بەختی خوێندنەوەیانم بووبێت. حاشا لە هەڵسەنگاندنێک و سۆزێک و دڵسۆزییەک و زیادکردنی دێڕێک لە کتێبی پڕ لاپەڕەی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد. گێڕانەوە و تۆمارکردنی بیرەوەرییەکان بە یەک ئامانج وبەس: من و حزبەکەم ڕاستین و غەیری ئێمە هەڵە؛ من و حزبەکەم خەمخۆری نیشتمانین و غەیری ئێمە خائین. ئاو بێنە و دەست بشۆ!

کتێبی بیرەوەرییەکانی "هەڤاڵ کوێستانی" دیاردەیەکی بە ئاشکرا جیاوازە. قەڵەمی بەهێز، چاوی کراوە و بێ لایەنیی کەم وێنەی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، توونیەتی خوێنەری تامەزرۆی دۆزینەوەی هۆکاری هەرەس هێنانی ڕاپەڕینە جۆربەجۆرەکانی کورد دەشکێنێت- بێ ئەوەی بە شێوەی 'موعتاد'ی بیرەوەری نووسانی حزبی، کەسایەتی کەسەکان بشکێنێت! ئەوە موعجیزەی قەڵەمی هەڤاڵ کوێستانییە و هەر ئەوەش کتێبەکەی کردۆتە دیاردەیەکی ناوازەی دەگمەن. لە کتێبەکەدا جاش بە ڕاستی جاشە و نابێت بە باش، باشەکانیش بە جاش لە قەڵەم نادرێن؛ پێشمەرگەی ڕاستەقینە بوونەوەرێکی جێگەی ڕێزە کە هیچی لە پیرۆزایەتی شێخ و ئیمامان کەمتر نییە.

کێشەی نووسەر لەگەڵ هیچکام لەو دوو دەستە خەڵکە نییە، ئەوان هەرکام تەونی خۆیان دەکەن و بەگوێرەی ئەنجامی کارەکانیان، نەفرەت یان ڕێزی خەڵکیان پێشکەش دەکرێت. کیشەی نووسەر لەگەڵ ڕێبەران و دەسەڵاتدارانی حزبە کوردستانییەکانە، ئەوانەی وا ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان لە خەڵک دەشارنەوە، ئەوانەی وا جێدەستیان بە سەر هەموو هەڵسووڕانێکی ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە دیارە، بەڵام لای خەڵک ڕەنگ دەگۆڕن و ڕاستەقینەی بیروباوەڕی خۆیان دەرناخەن. هەر ئەوان، بە سووکە ئاماژەیەکی دوژمنی داگیرکەری خاک لەگەڵیدا دەکەونە وتووێژی بێ ئەنجامەوە، لەکاتێکدا ئامادەی تەعامول لەگەڵ ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کورد نین!

لە پەسنی کتێبەکەدا زۆر شت دەکرێ بنووسرێت: قەلەمی شیرینی شاعیرانە، بێلایەنی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، مرۆڤدۆستی، لایەنگری کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، خەمخۆریی سروشت و دار وگیا و ئاژەڵ، مێشکی دوور لە جەزمییەتی ئایینی و دەمارگیریی حزبی؛ دڵی بێگەردی تەژی لە دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان و خاڵی لە ڕق و کینە- تەنانەت دەرحەق بە ئەسیرێکی بەعسیش کە پێشمەرگە ئیعدامی دەکات. ئەوانە و زۆر شتی دیکەش:

ڕوانگەی حزبە سیاسییەکانی باشوور بەنیسبەت ژنەوە، مل دانەواندنیان بۆ عەشیرەتەکان، ڕاگرتنی خاتری جاشەکان (جاشی پارتی و جاشی یەکیەتی!)، تەعامولیان لەگەڵ ئایین و مزگەوت، کەڵک

وەرگرتنیان لە پەیڕەوانی ئایینی کاکەیی، کەڵک وەرگرتنیان لەوپەڕی توانای ئابووری و دارایی کۆمەڵانی خەڵک لە گوندەکانی کوردستان هەر لە پێشمەرگایەتی لاوەکانیانەوە تا میوانداری و حاواندەوەی پێشمەرگەی حزبەکان سەرەڕای مەترسیی زۆری حکوومەتی دڕندە و ئەنفالچی لە سەر گیان و ماڵیان، کەڵک وەرگرتنی نابەجێ لە دارستان وبەگشتی سروشتی کوردستان، شەڕی چەکدارانە لەگەڵ یەکتر (قڕناقا، پشت ئاشان و بێتوانە)، ئیعدامی بێ موحاکەمەی دەستبەسەرکراوان، ڕاووڕووت و تاڵانکردن، سووتاندنی باخ و ڕەز و ماڵ لە لایەن پێشمەرگەوە (نموونە لە بێتوانە)، بێ ئەوەی لێپرسینەوەیەک لە فەرماندە و پێشمەرگەی بەرپرسی کارەکان بکرێت، سزادانی مامەریشەی قارەمان، دەستبەسەر کردنی مەلابەختیار و هاوڕێکانی و مەترسیی ئێعدام کردنیان تا ئەو کاتەی کە پەشیمان نامەیان پێ دەنووسن و....دەیان و سەدان هەڵە وپەڵەی هاوچەشن.

بەڵام من نامەوێ بچمە هیچکام لەو بوارانەوە، لێرەدا تاقە یەک لایەنی تایبەت لە بیرەوەرییەکانی نووسەر دەگرم و دەیخەمە بەرچاوی کەسانێک کە تائێستا بەختی خوێندنەوەی کتێبەکەیان نەبووە: کارەساتی حزبایەتی کردنی کورد!

**حزبایەتی لە کوردستان!**

هەڤاڵ کوێستانی شاعیرێکی لاوە. لە زانکۆی سلێمانی خوێندکارە. هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان کردوویەتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لە ڕێگەی ئەوانەوە، لایەنگری یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیش. لە سەرەتای لاویەتیدا دایک و باوک و خوێندن و خۆشی و ژیانی ئاسایی بە جێ دەهێڵێت بۆئەوەی ببێتە پێشمەرگەی 'شۆڕشی نوێ'ی ڕێبەرانی دەفتەری سیاسیی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان ، کە دوای هەرەسی ساڵی ٧٥ی پارتی، چەند مانگێکە ئاگری خەباتی چەکدارانەیان لە چیاکانی باشووری کوردستان هەڵگیرساندۆتەوە. ساڵ چ ساڵە؟ ١٩٧٥.

هەڤاڵ بە شەوق و زەوقێکی شۆڕشگێرانەوە جانتای پڕ لە کتێبی زانکۆ لە کۆڵی خۆی دادەماڵێت و چەکی ڕێکخراوەکە دەکاتە شانی بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافی خەڵکانی مافخوراو و ڕەنجدەری کورد و نەک هەر کورد، هەموو جیهان بکات- مافێک کە، لای وایە، بە لوولەی تفەنگی پێشمەرگە نەبێت دەستەبەر ناکرێت. بەڵام ئەو هەر لە سەرەتای کارەوە لەگەڵ پێشمەرگەی ئاساییدا جیاوازیی هەیە، هەڤاڵ کەم وکورتییەکانی ناو ڕیزی پێشمەرگە و بەرپرسانی حزبە سیاسییەکان دەبێنێت و لەبەر مەسڵەحەتی کاتیی ڕێکخراوەیی نایانشارێتەوە هیچ، ڕاستیی شاراوەی ڕێکخراوەکانیش بۆ نەوەی دوارۆژی وڵات دەخاتە ڕوو:

*"بووم بە کۆمەڵە و هێشتا لە ئەدەبیاتی کۆمەڵە و ژمارەیەک کتێبی مارکسی بەولاوە شتێکی دیکەی وام لە سەر مارکسیزم نەخوێندبۆوە... لە ڕاستیدا سەرچاوەی ئەوەندە زۆریش لەسەر ئەو بابەتە لەبەردەستدا نەبوون. ئەدەبیاتی کۆمەڵەش زۆر کەم بوون و کەمتریش بەلای بابەتی فکری و فەلسەفی و ئابووری و مارکسیزمدا دەچوون.زیاتر بابەتی سیاسی و پێشمەرگەیی و شتی لەوجۆرە بوون... ئەوەش وایدەکرد ئێمەی کۆمەڵە بە قووڵی بە مارکسیزمدا ڕۆنەچین و هەر حاڵیبوونێکی سەرچێخی (ڕووکار)مان لەسەری هەبێ"* (لاپەڕە ٣٤).

هێشتا ماوەیەکی زۆر بە سەر ژیانی سەر چیای تێپەڕ نەبووە کە مام جەلال پێشنیارێکی ئاراستە دەکات: *"من پێم باشە ئەتۆ لە سەرکردایەتی نوێی بزووتنەوە دابنێین"* (٧٣). باڵی ڕەسووڵ مامەندی بزووتنەوەی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیک) لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان جیا بۆتەوە، مام جەلال وەک سکرتێری یەکەمی یەکیەتی، ئەو باڵە بە "لادەر" دادەنێت و هەوڵی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەکە لەو پێنج شەش کەسە دەدات کە ماونەتەوە و ئەو بە "باڵی ڕەسەن" یان دەزانێت. بەڵام هەڤاڵ، کە وەک ئەندامێکی خاوەن بڕوای کۆمەڵە، لای وایە ناکرێت لە عەینی کاتدا کۆمەڵەش بێت و بە بڕیارێکی ساکاری کەسێک، ببێتە سەرکردەی بزووتنەوەیەکی تر بە ئایدیۆلۆژییەکی جیاوازەوە! ڕاستگۆیانە پێشنیارەکە دەداتە دواوە و بە دیار ئەنجامە سایکۆلۆجییەکانیەوە دادەنیشێت:

*"ئاوا، لێرەوە و لە یەکەم دیدارمدا لەگەڵ مام جەلال، چرژێک کەوتە ئەو وێنەیەی من لە سیاسیی و لە سەرکردەی "شۆڕشی نوێ" م کێشابوون"* (٧٤)

هەڤاڵ دواتر، بەشداریی کۆبوونەوەیەکی ٢٥ کەسیی کادیرانی کۆمەڵە دەکات و لەوێدا ڕەخنەی لێدەگیرێت بۆچی سەردانی دوو ئەندامی حسیکی کردووە. ئەو، کە پێی وایە "هێشتا ڤایرۆسی ڕق بوونەوە لەیەکتر نەهاتوتە جەستەیەوە" بە سەرسووڕمانەوە وەڵامی ڕەخنەگران دەداتەوە و دەڵێ:

*"یانی ئەگەر هاوڕێیەکمان لە حزبێکی تر بێ، یان بیروباوەڕی جیاواز بێ، ئازادیی ئەوشمان نییە سەردانی بکەین؟!"* (٧٨ تا ٨٢).

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا مام جەلالیش بەشداری دەکات و سەرسووڕمانێکی تازەی بۆ دەخوڵقێنێت:

*من بەر لەو کۆبوونەوەیەش دەمزانی مام جەلال ئاگای لە دروستبوونی کۆمەڵە هەبووە بەڵام هەتا لەو کۆبوونەوەیەدا گوێم لە خۆی نەبوو، نەمدەزانی یەک لە دامەزرێنەران و یەکەمین سکرتێری کۆمەڵەش بووە... ئەوەشی ووت کە ئەو قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان داوای دەست لەکار کێشانەوەی لە کۆمەڵە نەکردووە... ئەگەر زیاتریش ووردت بکردایەتەوە دەکرا بڵێی ئەو هێشتا خۆی بە سکرتێری کۆمەڵە دەزانێ یانی هەر سکرتێرێک دوای ئەو هاتبێ، سێبەری ئەوە لە ناو کۆمەڵەدا... ئەو زانیارییانە...جۆرێک لە شۆک بوون بۆ من. ئاخر تا ئەو کاتەش سەرهەڵدانی کۆمەڵەم وەک ڕووداوێکی لۆژیکی و پێویستێکی بابەتیانەی ئەو قۆناغەی خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی میللەتەکەم دەزانی نەک وەک بەدیلی هەڵوەشانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەک پەرچەکرداریش بەرامبەر بە زاڵبوونی باڵی مەلا مستەفا لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا... لەو کۆبوونەوەیە بەدواوە، یەکیەتیم وەک یانەیەکی گەورەی تیمی فوتبۆڵ دەهاتە بەرچاو؛ کۆمەڵە و خەتی گشتی و بزووتنەوەش وەک سێ تیمی سەر بەو یانەیە و مام جەلالیش وەک خاوەنی یانەکە"*. (٨٢ و ٨٤).

سێبەری یەک تاکەکەس بە سەر هەموو بەشێک و لایەنێکی سیاسییەوە دیارە، تەنانەت ئەوانەش وا ساڵانی دواتر لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی نیشتمانیدا سەرهەڵدەدەن:

*"یەکیەتی شۆڕشگێڕان [ی ساڵی ١٩٨٢] هەر لەسەر بناغەی بەرنامە و بۆچوون و دنیابینییەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دامەزرا و هیچ هێڵێکی فیکریی دیاریکراوی نەبوو و هەر مام جەلالیش بە سکرتێری یەکەمی هەڵبژێررا"*!(٢٩٨)

کێشەی نووسەر کێشەیەکی شەخسی و تاکەکەسی لەگەڵ مام جەلال یا هیچکەسی دیکە نییە و زۆر لەوە قووڵترە. بە هەواڵی لەمەڕ سەرەتاکانی دامەزرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا ڕۆدەچێت و دەگاتە ئەنجامێکی پڕ ئازاری هاوچەشن، ئەمجار لەگەڵ کەسایەتییەکی دیکەی ناو گۆڕەپانی سیاسەت و حزبایەتیی کورد:

*"نەوشیروان مستەفا لە هاوینی ۱۹۷۷ دا [لە دەرەوەی وڵاتەوە] گەڕاوەتەوە کوردستان. لە کاتی گەڕانەوەیدا هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵەوە نەبووە... نە لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا بەشدار بووە و نە دواتریش ئەندامی بووە و خۆی گوتەنی نەیویستووە لەگەڵ کۆمەڵەدا کار بکات... بەڵام لەسەر داوای مام جەلال چۆتە ناو کۆمەڵەوە و ئەویش "زۆر بە نابەدڵی گوتوویەتی باشە"... نازانم سەرکردەکانی کۆمەڵە ئاگایان لە بڕوا بە مارکسیسم نەبوونی ئەم هەبووە یان نا... دەبوو نەوشیروان مستەفا یان ئەو ڕۆڵە وەرنەگرێ یان هەر لە سەرەتاوە بڕوانەبوونی خۆی بە مارکسیسم ڕابگەیێنێ. ئاخر ناکرێ تۆ ڕابەرایەتی ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێک بکەیت و خۆت هەر لە بنچینەدا بڕوات پێی نەبێ"* (٨٤ و ٨٥).

ئەوانە کەم و کورتی و لاوازیی پاڵەوانەکانی گۆڕەپانی حزب بوون. بەڵام نووسەر لەگەڵ خودی حزبەکەشدا کێشەی جیددی هەیە و دەرحەق بە توانای تیۆریک و زانستی مارکسیستی کۆمەڵە، ڕاستگۆیانە پێ لە واقیعێک دەنێت کە نەک هەر سەبارەت بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران بەڵکوو سەبارەت بە هەموو ڕێکخراوە چەپ و مارکسییەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ڕاستە:

*" هەر بە گشتی، باس و لێکۆڵینەوەی تیۆری و فیکریمان زۆر کەم بوون... ئەو سەرچاوە تیۆرییانەی خۆ پێگەیاندن بە مارکسیزم کەم و بایی ئەوە نەبوون ئێمە لە ڕووی تیۆرییەوە تەیار و پڕچەککەن. ڕۆشنبیریی مارکسیزم لای ئێمە ڕۆشنبیرییەکی سەرچیغ بوو تا ڕۆشنبیرییەکی قووڵ. ئێمە زیاتر دروشمی ڕۆمانسیانەی مارکسیزممان بەرز کردبووەوە تا قووڵبوونەوە لە فەلسەفە و فیکری مارکسیزم. یەک لەو شتانەی کە زۆر باسمان دەکرد تیۆری شۆڕشگێری بوو. دەمان ووت* "هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە بێ تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە نابێ"، *بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە هەر دروشم بوو، دەنا هیچ زانیارییەکی وامان لەسەر ئەوتیۆرییە شۆڕشگێڕانەیە نەبوو... دامەزراندنی کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە وەک ڕێکخراوێکی مارکسی-لێنینی لەبەر پەرەسەندنی خەباتی چینی کرێکار نەبووە بەڵکوو ... سەرسامیی ڕێبەرانی کۆمەڵە بە ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ و شۆڕشی گەلی چین، کاریگەریی سازمانی ئینقلابیی حزبی توودەی ئێران کە حزبێکی ماویی بوو....کۆمەڵە پەرچەکرداری ئەنجامی شکست و هەڵوەشانەوەی باڵی جەلالی و زاڵبوونی باڵی مەلایی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.... خەباتە چینایەتییەکەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە دژ بە دەسەڵاتی ماڵی بارزانی بوو و ئەوکاتەش کە ئێمە لە شاخ بووین هێشتاش زۆرێک لە ئەندامان و کادیران و سەرکردەکانی کۆمەڵە هەر لە سەر هەمان قەناعەت بوون"* (١٠٣ تا ١٠٥).

ناتەواویی تیئۆریکی کۆمەڵە هەر بەوەندە تەواو نەبووە. ئەو لاوازییە مەعریفەتییە گەیشتۆتە هەندێک ئەنجامی سەمەرە سەبارەت بە سیاسەتی جیهانی ئەویش بە شێوەیەکی کوتوپڕ و لە ئەنجامی تاقە یەک دانیشتندا، کە ئەگەر تەنانەت ڕاستیش بووبێت (کە بووە!)، چوار کەسی دانیشتووی لووتکەی چیاکانی

کوردستان و دابڕاو لە هەموو جیهان، نەیاندەتوانی بە بێ چاولێکەری و لە ڕێگەی شیکردنەوەی بارودۆخی جیهانییەوە پێی بگەن:

*"لە یەکێک لەو دنگندانانەدا، بێ شیکردنەوە و خستنە ڕووی زانیاریی ورد و دروست، پارتی کۆمونیستی سۆڤیەتی کرایە ڕڤیزیۆنیست و یەکیەتی سۆڤیەتیش کرایە سۆشیاڵ ئیمپریاڵ!"* (١٨٩).

ئەو نموونانە، تەنیا ناتەواویی لایەنی فیکریی و تیئۆریکی کۆمەڵە دەگەیێنن. لایەنی ڕێکخستن و دابەشکردنی ئەرکی نێو ڕێکخراوەکەش، لە لایەنە فیکرییەکەی باشتر نەبووە. نووسەر بێ ئەوەی دژایەتی کەسێک و دەستەیەک بکات، لە هەمان گۆشە نیگای چارەنووسی گەلەوە دەڕوانێتە ئەو دیاردەیە و هەندێک ڕاستەقینەی تاڵ دەخاتە ڕوو:

*"...لەو کۆبوونەوەیە بەدواوە جۆرێک سەرکردە لە سێیەری ڕابەرانی یەکیەتیدا هاتنە پێشەوە ئەگەر لەو سێبەرە دەرچووبان، دیار نەدەمان. جۆرێک سەرکردە پەیدا بوون کە لە ڕووی تواناوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کادیرێکی ئاساییدا نەبوو، جۆرێک سەرکردە کە هەموو توانای خۆیان لە ڕازیکردنی سەرووی خۆیاندا کورت دەکردەوە. (١١٩) زۆربەی سەرکردەکان شاباشیان لە ڕەخنە پێخۆشتر بوو".* (٢٣٦) ... *یەک لە کێشەکانی ئێمە هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو زۆر بە مەسەلەی فەلەستین و و بە ئەزموونی فەلەستینییەکان سەرسام بووین* (١٣٤).

ئەوە لایەنی فیکری و ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو. با لەبەر ڕووناکایی چرای بیرەوەرییەکانی هەڤاڵ کوێستانی چاوێک بە سیاسەت دانان و دەرەنجامەکانی ئەو سیاسەتانەی ڕێکخراوەکەدا بخشێنین و نەک هەر کۆمەڵە و یەکیەتیش، بەڵکوو دوور نییە بتوانین بەم دوو سێ دێڕەی خوارەوە، واقیعی گۆڕەپانی سیاسەت لە باشووری کوردستانی ئەو ساڵانە بە سەرجەمی بناسین:

*"هێزەکانی ئێمە ئەوەندەی وزەی خۆیان لە شەڕی ڕژێمدا دەخستە گەڕ، ئەوەندەش لە شەڕەکانی دژی پارتی و نەیارەکانیتر. هێزەکانی پارتیش لەبەر دژایەتیکردنی ئێمە نەدەپەرژانە سەر شەڕی ڕژێم."* (٢٠٠).

بەو دوو سێ دێڕە دەروازەی بیرەوەرییەکانی نووسەر بەرەوڕووی کارەساتێکی مەزنتر دەکرێتەوە کە ئەودەم و ئێستاش گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگەی سەرکەوتنی شۆڕشەکانی گەلی کورد بووە:
بەشێکی سەرنجڕاکێشی بیرەوەرییەکان، حیکایەتی ڕقەبەرایەتی و شەڕی نێوان یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، حیکایەتێکی کۆن، کە لە بڕگەی دەیەی هەشتای سەدەی پێشوودا گەیشتە کارەساتی شەڕی کورد وکورد. لەو ساڵانەدا قیادەی موەقەتەی پارتی وەپێش پاسدار و بەسیجی ئێرانی کەوتبوو و لەلایەکەوە خەریکی لێدان و دەرپەڕاندنی پێشمەرگەی حزبی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە شەڕی یەکیەتی نیشتمانیی بوو. یەکیەتی نیشتمانیش بە خەیاڵ پڵاوی وەرگرتنی مافی خودموختاری لە سەددام حوسەین، لەگەڵیدا کەوتبووە وتووێژێکەوە کە خۆی و حکوومەتی عیراقیش دەیانزانی بێ ئەنجامە. حکوومەت بەم کارەی دەیویست بەرەیەکی شەڕ هێور بکاتەوە و بپەرژێتە سەر بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئێرانی مەلاکان، یەکیەتیش دەیویست هێزی خۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر شەڕی پارتی بکات. سەیرتر لەو دوانە، قیادەی موەقەتەی پارتی

بوو کە پاڵی بە دوژمنێکی لەمێژینەی کورد واتە ئێرانەوە دابوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە بەرانبەر بەعسدا بوەستێت، بەڵام دژایەتیکردنی یەکیەتی نیشتمانی وای لێکردبوو شەڕی بەعس لەبیر بەرێتەوە و ئامانجی سەرەکیی ببێتە لێدانی یەکیەتی. ئاشکرایە براوەی ئەو بارودۆخە نالەبارە تەنیا دوژمنانی کورد واتە ئێرانی مەلاکان و بەعسی سەددامی بوون. خوێندنەوەی هەر ئەم چەند دێڕەی خوارەوە، قووڵایی کارەساتەکەمان پیشان دەدات:

*"ئێران بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئێمە و کۆمەک و پشتیوانی هێزە ڕکەبەرەکانی ئێمە ئەکا... هەوڵی دروستکردن و پڕچەککردنی زۆرێک لەو هێزانە دەدات کە لە کوردستاندا تەراتێن دەکەن". (٢٣٨). "پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ سپای پاسداران لە ناوەڕاستی مانگی شوباتدا هێز دێنێتە سەر چیای جاسووسان". (٢٤٦) "مام جەلال لە چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری الطلیعة العربیة دا دەڵێ: سەددام حەکەمە و دوژمن نییە... بارزانیەکان دووجار خائینن، جارێکیان لەبەر ئەوەی لەگەڵ کوردی ئێران شەڕ دەکەن، جارەکەی کەش لەبەر ئەوەی پێش پاسدارانی ئێرانی دەکەون و دژ بە سوپای عیراقی شەڕ دەکەن". (٣٥٠)*

تایبەتمەندیی کاری نووسەر، ئەوەیە کاتێ دەڕوانێتە ڕووداوە کارەساتبارەکان، تەنیا بە گێڕانەوەیانەوە ناوەستێت و هەوڵی هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانیش دەدات:

*"ئاشبەتاڵ بۆ مەلا مستەفا گلان و بۆ مام جەلالیش هەستانەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی کوشەندی جەلالیەت بوو. ئێمە ئەوانمان بە خاوەنی ئاشبەتاڵ دەزانی و مافی ئەوەمان پێنەدەدان جارێکی تر شۆڕش بەرەوە هەڵدێر بەرنەوە. ئەوانیش لە بنەماڵەی بارزانی بەولاوە مافی ڕێبەرایەتی کردنی شۆڕشیان بە هیچ کەسی دیکە نەدەدا. ئاوا هیچمان واوەتر لە سنووری حزب و لەودیوی ئایدیۆلۆژیاوە، پانتاییەکمان بۆ ڕەوایی هەبوونی ئەوانی دی و بۆ پێکەوە ژیان و هەڵکردن نەدەدی. لێرەوە هەوڵی هەردوولا بۆ سڕینەوەی یەکتری دەست پێدەکا. مام جەلال و ماڵی بارزانی هەمان ململانێی سەردەمی جەلالی و مەلایی بۆ ناو شۆڕشی نوێ و شۆڕشی گوڵان دەگوازنەوە، بە هەمان کۆنە شمشێری ژەنگاویی، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کومورد دەکەن بە دوو لەتەوە... هەوڵی سڕینەوەی یەکدی، لای هەردوولا، دەبێتە ئامانجێکی باڵا، باڵاتر لە بەرژەوەندیی نیشتمان... ئێمەش لە بابەتی ناکۆکی سەرەکی و لاوەکیدا، پارتی و ماڵی بارزانی و ڕژێمی بەعس و ئیمپریالیزمی جیهانیمان دەخستەخانەی ناکۆکی سەرەکییەوە. سیاسەت لەم وولاتەی ئێمەدا ئاوایە، هەریەکە و بۆ ئەویتر لە کەمیندایە"* (١٧٩ و ١٨٩ تا ١٩٨).

لە کۆتایی بیرەوەرییەکاندا باوەڕی خالیسانەی هەڤاڵ بە گەل و نیشتمان و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ دزێوییەکانی ناو شۆڕش و یاری نەکردن بە سیاسەت، دەیگەیێنێتە ئاکامێکی چاوەڕوان کراو:

*"من لە کۆنفەرانسی یەکەمی کۆمەڵەوە، لە هەموو کارێکی حزبی و ڕێکخراوەیی دوورکەوتمەوە و ناشمەوێ جارێکیتر لەگەڵ هیچ لایەنێکدا تێهەڵچمەوە". (٣٧٩) دەچمە لای مام جەلال و پێیدەڵێم هاتووم تا داوای دەست لەکار کێشانەوەی خۆمتان پێشکەش بکەم". (٣٨٣)*

ئەو هەڤاڵ کوێستانییەی کە لە ژووری چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال دێتە دەرێ چیتر هەڤاڵ کوێستانییە لاوە خوێندکارە بێ ئەزموونەکەی دە ساڵ پێشتر نییە و تێپەڕینی ڕۆژگار و ڕووداوەکانی دەساڵ پێشمەرگایەتی کردوویەتە دیاردەیەکی جیاواز:

*"لە ژوورەکە دێمە دەرێ و هەموو شتەکان یەک لە یەکدی بەتاڵتر دەنوێنن. هەموو شتەکان بەتاڵ و ناخی منیش لە هەمووان بەتاڵتر، بەتاڵ، بەتاڵ، بەتاڵ بە هەموو ئەو خەونە ڕەنگاو ڕەنگانەی ١٠ ساڵێک لەوەبەر منیان بە ژێرزەمینی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەدا کرد و ملی ئەو باریکە ڕێیانەیان پێگرتم کە بەم تۆنێلە بێ کۆتاییەی گەیاندم."* (لاپەڕە ٤٠٣)

ئەوە دوایین دێڕەکانی کتێبی بیرەوەریی مرۆڤێک، کوردێک، شاعیرێک و پێشمەرگەیەکە- چوار دێڕی ساکار بەڵام تەژی لە واتا و وانە. ئەوە ئەو چارەنووس و ئەنجامەیە کە بە داخەوە زۆرێک لە دڵپاکانی گەلەکەمان دوای ماوەیەک کارکردن لەگەڵ حزبە سیاسییەکانمان پێیدەگەن. دەگوترێت سیاسەت "زانستی کەڵک وەرگرتن لە دەرەتان و دەرفەت" بێت، بەڵام ئەو کەڵک وەرگرتنەش ریسا و یاسای خۆی هەیە، بە بێ ناسینی ڕێباز و شێوازی کارەکان، حزبی سیاسی دەتوانێ ببێتە شمشیری دوو دەم و بە دەست خەڵکانی نەشارەزاوە ئەوەندەی جەرگی دوژمن و نەیارانی نیشتمان دەبڕێت، ئەوەندەش دڵی دۆست و یارانی گەل بریندار بکات.

٢٠١٨/٣/٢١

نەورۆزی نووسەر و خوێنەری کتێبەکە و هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد پیرۆز بێت!